# ئایا فرۆشتنی پەرتووکی سیاسی و ڕۆمانی شانۆیی دروستە

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ موحەمەد صالح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# هل يجوز له بيع الكتب السياسية والروايات المسرحية ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## ئايا فرۆشتنی پەرتووکی سیاسی و ڕۆمانی شانۆیی دروستە

**پرسیار** : من ژمارەیەك پەرتووکم هەیە کە پەرتووکی ئاینی نین، وەك پەرتووکی سیاسی و ئابووری و مێژوویی، هەروەها ژمارەیەك پەرتووکی ڕۆمانی شانۆیی عەرەبی و جیهانیشم هەیە، ئایا دروستە من ئەم پەرتوکانە بفرۆشم و بە پارەکەیان پەرتووکی تری ئاینی پێ بکڕم، یان پارەکەی بکەم بە خێر و صەدەقە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات

وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا

هەتایە .

ئەصڵ لە کڕین و فرشتندا ئەوەیە کە حەڵاڵ و دروستە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا ﴾ [ البقرة : ٢٧٥ ] واتا : خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و ڕیبا و سوو خواردنیشی حەرام و قەدەغە کردووە، جەصاص لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت : ئەم ئایەتە گشتیرە بۆ هەموو جۆرەکانی کڕین و فرۆشتن [أحكام القرآن ٢ / ١٨٩ ] .

ئەمەی ووتمان حوکمێکی گشتگیرە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کاڵایەی کە دەفرۆشرێت کاڵایەکی حەرام بوو، یان زۆربەی جار لە

حەرامدا بەکار دەهێنرا، ئەوە لەم کاتەدا دروست نییە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت و دەستا ودەست بکات لەنێو خەڵکیدا، جا لەسەر ئەمە ئەو پەرتووکانەی کە تۆ باست کردوون لە دوو حاڵەت بەدەر نییە .

یان ئەوەتانێ ئەو پەرتوکانە کۆمەڵە پەرتوکێکی بە سوودن بۆ ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە، هەرچەند پەرتووکی غەیرە ئاینییش بن، وەك پەرتووکی مێژووی و سیاسی و فیزیا و بیرکاری و هاوشێوەکانیان، و بە پێی بۆچوون و علمی خۆت ئەو پەرتوکانە درۆ و دەلەسە و بڵاوکردنەوەی فاحیشە و خراپەکاری و چاوبەست لەخەڵکی لەخۆ ناگرن، ئەوا حوکمەکەی وەك لەسەرەتاوە باسمان کرد لەسەر ئەصڵی بنەما شەرعیەکەیە کە ئاماژەمان پێدا کە ئەصڵ لە کڕین و فرۆشتندا دروستی و حەڵاڵیەتە، جا ئەگەر هاتوو دروست بوو کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت، بێگومان دروستیشە بە پارەکەی هەرچیەك بەرژەوەندی دین و دونیاتی تێدایە بیکڕیت و بەکاری بهێنیت .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم پەرتوکانە خۆیان لەخۆیاندا هەر حەرام بوون، یان زیانی بە خوێنەرەکەی دەگەیاند، بەشێوەیەك درۆ و دەلەسە و تەزویر وفێڵ کردنی واقیع و ثەوابتە ئاینی و شەرعەیکانی تێدا بوو، یان زیانی بە ڕەوشت و ئاین و بیروباوەڕی خەڵکی دەگەیاند، یان شەرم و شکۆی لای ئافرەتان نەدەهێشت و مانای پیاوەتیشی لای پیاوان لاواز دەکرد، هەروەك

چۆن ئەمە حاڵی زۆرێك لەو ڕۆمانە عەرەبی و بیانیانەیە كە لە بازاڕەكاندا دەفرۆشرێن، ئەم جۆرە لە پەرتووك حەرامە كڕین و فرۆشتنیان پێوە بكەیت، نەك هەر هێندە بگرە پێویستە لەناویش ببرێن، وە دروست نییە بیانفرۆشیت و سوود لە پارەكەی وەربگریت، چونكە پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « إن الله إذا حرَّم على قومٍ شيئاً حرَّم ثمنه » [ رواه أحمد ( ٢٩٥٦ )، وصححه الألباني في " غاية المرام " ( ٣١٨) ] واتا : بێگومان خوای گەورە كاتێك شتێك لەسەر گەلێك حەرام و قەدەغە دەكات، لەهەمان كاتیشدا پارەكەشی هەر حەرامە .

خوای گەورە لەهەمووان شارەزا ترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .